

# وەشان

نیگار نادر

واوەتر چاوان هەڵێنە ئەها
هەنارە کیژێک بەچەقۆ دڵی هەڵدەکۆڵرێ
نە قڵشی دەکەوێتێ ونە هەناراوی لەبەر دەڕوا
نە کەس نرکە و ناڵەشی دەبیستێ دادەوەشێ

ئەڤ مۆمەش تەواوبوو
من هەرنا تەماشاکە کو
هەرمێ ژنێکی تازە وێڕا گەیشتوو
گەڵا و لاخی هەڵپساون و هەڵپاچەراون و
هەتا هەشە دەبێ لاسۆر لاسۆر
بۆن و تامی لێ هەڵچۆڕێ

ئەو درەختەش لە بەرکەوتنێ کەوت
من هەر نا دە ئەوجارەش

پەنجەکانم بژمێرە و ماچ کە تا
کچێک نمەنمێ بکا و
سەرلەنوێ خاک تەڕکا
ئاوڕ وەدە چەوا
سێوە ژنێک لە گەرمەی لاژێییدا
قەد و چڵ و کەپووی دەبڕدرێ
لە شەرمان سوورتر دادەگەڕێ
دەبێ نە سووری نە خڕی لە دەستدا هەتا دەمرێ

هەر ئەو جەلەی
مۆمەکانم لەسەر داگیرسێنە تا
کیژێک بەکلووی سپی

سپی سپی بباری و دنیا سپی کا
نەوەکە هێشوەژنێک بەپەلک و
بۆڵوانیەوە گڕ لەخۆ بەردا
نە خۆشاوی بگاتێ و نە شەراب و
خۆێ بەگۆڕێ وەرکا

دە هەر ئەو جارەی
ناو چاوەکانم ماچ کە و قونجرکێک لە ڕوومەتم دە تا
کازیوە کچۆڵەیەکی زەرد
بەزەردی هەڵبێ و
لەسەر دنیا بکەوێتەوە
نەبادا بەهی ژنێکی کاڵ کاڵ
دەنک کرێ و بەرباوێ و

بەداریوە لەبەر خۆ چرچ هەڵێ

هەر شەپۆلێکی دیم تێدا بدە تا
ڕووبارە ژنێک پڕ کەف بێ و زەوی بدڕێ
دەیان لق و چۆمی لێ دابڕێ
ئەو بارانەش وەشا
من هەرنا لەسەرڕا
بژۆڵکەکانم بژمێرە و سوێندیان پێ بخۆ تا
کیژێک بەشنەشن هەڵکا پێش ئەوەی
لێوی لیمۆیەک هەڵبڕێ و هەڵقرتێ

لەسەر لەپی دەستتم گێڕە
بەر لەوەی خەرمانە ژنێک وشک هەڵبێت و
بەلاسک و گوڵەوە ئاوردرێ
بەوان هەموو برین و گڕ و خوێنەوە
دێمەوە ئامێزت و گەرمت دادێنمەوە
بەر لەوەی نووکی چەقۆ یا نێزەیەک

لە بۆڵوەکانی چاوم و لیمۆیەکەی دڵم و
هەنارەکانی سینگم گێڕن و هەڵیان کۆڵن و بووەشێمەوە

بەفرانبار – لەندەن

وەشان: بڵاوبوونەوە. داوەشان: بڵاوبوونەوە و پەرشبوون